ئایا ئەدەبی کوردی بەرهەمی داهێنەرانەی نییە؟!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

پرسی سەرسامبوون تا ڕادەی خۆ بچووککردنەوە و شەرمکردن لە ئەدەبی نەتەوەیی خۆت، دیاردەیەکە و لە نەوەندی ئەدەبی کوردیدا هەیە و دڵشبێت. ئەمە دوو دیوی هەیە، دیوەکی بەراوردکردنانەی ئەدەبییە، کە نییە یان دگمەنە و دەبە بابەتییانە و بەراوردکاریانە شەقە بکرێت، دیوەکیشی سایکۆلۆژییە کە ڕەنگدانەوەی ئەو داگیرکارییە فەرهەنگی و کەسی و کولتووریەیە، کە دوژمنانی کورد بە درێژایی مێژوو، پەنایان وەبەر بردووە و هەوەی ئەویان داوە، ڕەگی بچووکی و خۆ بە کەمزانی، لە ئاست ئەویتری نیاردا، لە ناخ و هزری مرۆڤی کورد بچەقێنن. سەرنج بدەن، خانی دوو سەد ساڵ بەر لە ئەوروپییەکان، باسی ناسیونالیزم و بناغەی نەتەوە لە مەم و زیندا دەکات (خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر کتێبە گرنگ و نایابەکەی نووسەر و ئەکادیمی دیاری کورد، فەرهاد شاکەلی بە ناوی ناسیونالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا) کە هەشتا ناسیونالیزم وەک فیکر هەر بوونیشی نەبووە.

نالی زڕ بەر سەرهەڵدانی ڕەشنگیری لە ئەوروپا، ڕوانگەیەکی ڕشنگەرانەی لە شیعردا هەبووە، کە خوێنەران لەوەشدا بگەڕێنەوە سەر کتێچێ نایاب و سەنگینەکەی مامەستا ڕەبوار سیوەیلی. فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی، نەک هیچی لە ئەدەبیاتی جیهانی کەمتر نییە، بەڵکو هونەریتر و پڕ ماناتریشە. خوێنەران دەتوانن بچن بەرهەمی ئەو نووسەرانە بخوێننەوە، کە نەبەی ئەدەبییان وەرگرتووە. گرفتەکە ئەمە نییە، گرفتەکە خۆ بە کەمزانی و بچووکی هەندەک لە بەناو سیاسی و نووسەرانی کوردە لە ئاست دوژمناندا . لە نەوەندی ئەدەبی کوردیدا، چونکە بزاوتەکی پێچەوانە نییە کە بەرهەمە کوردییەکان وەربگەڕێتە سەر زمانە بیانییەکان،هەروەها خوێندنەری کوردیش تەنها زمانی کوردی دەزانێت و ناتوانێت بەزمانەکانی دیکە، بەرهەمەکانی نووسەرانی دنیا بخوێنێتەوە، ئیدی ئەو بەشایە دروست بووە. سەرنج بدەن سەدان کتێبی بیانی وەردگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا تازە هەندەک بەرهەمی نووسەرانی کورد دەکرێنە

فارسی و نووسەرانیش شاگەشکە دەبن، وەك ئەوەی ئەمە گەورەترین داهێنان بێت، لە کاتێکدا زمانی فارسی هەم زمانێکی زۆر سادە و ئاسایی، هەمیش لە ئاست زمانێکی وەکو ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی، وەك نەبوو وایە.

ئەمە نەمانتوانیوە وێنەی ئەدەبیاتی خەمان بۆ دنیا بناسێنین. ئەگەر وەرگێڕانی زۆر و زەبەندەکانی کورد، زۆرینەی هەرە زۆریان، کەمێك لە دەروێی هوانگەی بۆرژوازیندی کەسی و تایبەتی خۆیانەوە، ئەدەبی کوردی و بەرهەمی نووسەرانی کوردییان وەربگێڕایەتە سەر زمانەکانی دیکەی دنیا، ئیدی ئەمە دەمانتوانی وێنەی ئاستێنەی ئەدەبی کوردی وەك ئەوەی کە هەیە نەك وەك ئەوەی نەیارانمان دەیبینین، بە هەموو دنیا بناسێنین. بەرهەمی نووسەرانی کورد لە هووی ئەمان، شیعر، چیرۆك و ژانرەکانی دیکەش، نەك هیچی کەمتر نییە، لە نووسەرانی دنیا بگرە زیاتریشە. باسکردن لەوەی ئەدەبی کوردی و ئەمانی کوردی وا نییە، هووی ئەوەی هەبێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکەی جیهانی، لە ئاستیدا بێ ئاگایی و خۆ بە کەمزانییەکی گەورەیە لە ئاستی نێتوەکانی سەردەست، کە ئەرکی ئەشنبیری کوردە، شەی ئەو کولتوورە و گرۆ سایکۆلۆژییە بکات نەك نەزانانە و ترسنۆکانە و بوودانە گەورەتری بکات! تۆ بَەی لەو هەموو شیعر و چیرۆك و ئەمانەدا، بەرهەمێکی شایستەمان نەبێت؟ سەرنج بدەن، چ بزاوتێکی گەورەی وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی هەیە! بەڵام بۆ پێچەوانەوە، زۆر بە دگمەن بەرهەمی نووسەرانی کورد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دیکەی دنیا، ئیدی چۆن نووسەرەکانمان و شاکارەکانیشیان، لە سەر ئاستی دنیا دەناسرێن؟ ئەمانی کوردی، هیچی کەمتر نییە لە ئەمانە جیهانییەکان و دەکرێ بە پشتئاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی من، خوێنەران بگەنەوە سەر ئەو ئەمانە بیانییانەی کراونەتە کوردی، ئەو کات دەردەکەوێت کە ئایەکەی ئەمە لەژێکییە یاخود نا؟ بۆن بەراوردی شیعرە لیریکییەکانی (نزار قەبانی) و بە شیعرەکانی (فریدون بەرزنجی) و (ئەحمەد محمەد) و (ئیسماعیل خورماڵی) بکەن . بەراوردی شیعرەکانی (محمود دەرۆێش) و (شەرکە بەکەس) بکەن، بەراوردی شیعرەکانی ژنانی جیهانی بە شیعرەکانی ژنە شاعیرانی کورد بکەن. بۆن بەراوردی ئەمانەکانی (بەختیارعەلی) بە ئەمانی نووسەرە فارس و عەرەب و بیانییەکان لە هووی تەماە، هووداو، گەڕانەوە بکەن.

بۆن شیعری ئەو شاعیرانە بخوێننەوە کە براوەی خەڵاتی نۆبلن و

دواتر شیعری شاعیرێ کوردەکانیش بخوێننەوە، ئەو کات بۆتان دەردەکەوێت کە شیعری کوردی لە شیعری شاعیرەکانی براوەی خەڵاتی نۆبل زۆر جوانترو بە چێژترە؟! ئەو نووسەرەی دەڵێت کورد داهێنانی نییە و نووسەر و ئەدیبی گەورە و داهێنەری لە هەڵبەستووە، لە ڕاستیدا نووسەرەکە گیردەی ئەو گرفتە بە کەمزانیەیە کە دەیان ساڵە دوژمنان هەوڵی داکوتانی لە ناخ و بیرو کولتووری ئێمە دەدەن. ئەدەبی کوردی نەك هەر داهێنەر و داهێنان، ڕەمانی وای تێدایە شیاوی ئەوە بێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکەی دنیا، بەڵکو لە ووی بیر و هزرەوە لە ئەدەبی جیهانیش هزردارترە. لە سەرتاکانی سەدەی بیستەت، بەکەس و شێخ نووری، دژی ئەقڵی کۆنەخوازی و پیاوسالارین، قانح هەوڵی یەکسانی و نەمانی جیاوازی چینایەتی دەدات، کامەران موکری و زەوەر و ئەحمەد موحتارجاف باس لە نیشتمان پەروەری و گرنگی پەروەردە و خوێندەواری دەکەن. برایم ئەحمەد باس لە ئاپۆین و ئازادی و سەربەستی مرۆڤکان لە ژانی گەل دەکات. ئێمە باجی بە دەوڵەتی و سەربەخۆیی دەدەین، کە نیشتمانکیش هەمیشە ژێر دەستە و چەوساوە بێت، بگومان زمان وکولتوور و فەرهەنگیشی ژێر دەستە دەبێت. لەڕەوش ئەرکی ئاستەقینە و نیشتمانییانەی نووسەران و ڕۆشنبیران دەست پێ دەکات، کە ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەیان بە دنیا بناسێنن، نەك بەوایان وابێت ئەدەبی کوردی و بەرهەمی نووسەرانی کورد بە داهێنەر و ووی ئەوەیان نییە بە دنیا بناسێنرێن، چونکە ئەوە ئاوکردنە ئاشی دوژمنانە، کە ئەوانیش هەر ئەوەیان دەوێت .

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (4246) لە 9/2/2025 بڵاوکراوەتەوە.